# ڤان ئیـــــــــــرۆتیك

(چوارەم)

قوبادی جەلی زادە



**تۆو**

ئەوەی لە ئاسمان دێتە خوار
ئاو نییە !
ئەوە نییە ،
سکی زەوی پڕ دەکات ،
لە کۆرپەی گەڵاو گوڵ !!

**ساوا**

ئەو _ با _ یە ،
هێشتا باڵی نەگرتووە ..
لە گەڵ گەڵا وەریوەکانی شەقامدا ،
گەمان دەکات !

**زڕ**

ئەو ئەستێرە دەستکردانەی ،
بە خێرایی
بە جەرگەی ئاسمانی رەت دەبن ،
زڕ کوڕی مانگن !!

**چواردە**

مانگ ،
کاتی هەست دەکا قەڵەو بووە ..
رۆژانە پەت پەتێن دەکات و
شەوانەش تا کفت دەبی ،
لە دەریاو ئۆکیانووسەکاندا ،
مە لە دەکات !

**خونچە**

ئەو گوڵانە هەموو دایانکەندووە ...

کەچی ئەم خونچەیە ،
لە کچێکی حیجاب پۆشی ئەفغانی دەچێت ،
پێی شەرمە
لەچکەکەی داکەنێ !

## کەف

لەم گۆمە بچکۆلەیەدا ،
دوو ئەستێرە
بە کەفی تریفە ،
پشتە لووسەکەی مانگ
دەشۆن !

## بەزەیی

_ با _ ،
دەستی گەڵایەکی وەریی گرتووە
دەیەوێ لە قەدی درەختەوە ،
سەری خاتەوە سەر چڵ !

## ستیان

_ با _ م پشکنی ....
باخەڵی پڕ بوو
لە مەمکبە ند !!

## دەرپێ

پێچەوانەی مرۆڤ .... ،
ئاسمان بەر  لەوەی میز بکات ،
دەرپێی هەور دەکاتە پێی !!

## خەو

لەبەر نووزە نوزی گەڵای وەریوو
ناڵە ناڵی درەخت ،
نەمانگ خەوی لێدەکەوێ و
نە پشیلەیەك دەبۆرژێت .

## پشوو

هەموو شەوێك ،
لبادێك لە ئاوریشمی سیعروو
سەرینێك لە پەرەمووچی رەنگ و
پەشمەیەك لە جر یوەی مۆزیقا ،
لە رۆخ حەوزەكە رادەخەم ..
بەڵكوو مانگ دوای مەلە كردن ،
كەمێك تێیدا
پشوو بدات .

## درەخت

ئەو درەختە قەدی رەپی ،
چەقاندۆتە ناو گەڵی زەوی ..
لە خۆشیا كوورٍ كوورٍ بۆتەوە .
لقێكی شۆڕ كردۆتەوە بۆ مژینی دەمی و
دوو لقیش ،
بۆ گوشینی مەمكەكانی !!

## غیرە

پێش ئەوەی _ با _ ،
ژنەكەی رووت بكاتەوە
چاومان پڕ دەكات
لە خۆڵ .

## پەنجە

كە رووت دەبینەوە ،
_ با _ بە دوو پەنجە
كەلێن دەخاتە نێوانی ،
هەردوو پەردەی پەنجەرەكە !!

## پرسیار

گرد ، بە سینگی نیشتمانەوە

زیاترن ،
بە سینگی ژنانەوە
مەمك ؟!

## ژەهر

چیمەن پرِیەتی ،
لە گەڵای رژاو ...
پرٍ
پرِ
باغ لە هەڵەبجەی شەهید دەچێت !

## كزەبا

كزەبا ، دوو درەختی
خستە ئامێزی یەكتریەوە ...
ئەمە دوا ماچی ،
مائاوایی گەڵاكانە !

## جینۆساید

درەختێك ،
بە قورِگی پرِ لە گریانەوە ،
گوتی :
تەرمی ئەو هەموو گەڵا شەهیدە
لە كوێ بنێژم !؟

## خۆسرِینەوە

مانگ مەلە دەكات ...
ئەستێرەیەك ، لە قەراغ گۆمەكەوە
بە پەشتەماڵێكی پەمەییەوە،
وەستاوە !

## پەیامنێر

شەوانە مانگ ، هێواش هێواش ،
بەسەر بان و

بەسەر  کەپرەکانمانا ، رەت دەبێ ..
هەواڵی گەرمی جووت بوون و
وێنەی رووت و قووتی ئێمە ،
بۆ رۆژنامەی خۆر دەنێرێت !!